# ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن

نووسینی : کاروان علی

2012

ناوی کتێب : ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن

بابەت : هۆنراوە و ئۆپەرێت

نووسینی : کاروان علی

تایپ : خەیلانی کاروان

دیزاین : فۆتۆ هەردی

نەخشەسازی کۆمپیوتەر : کۆسرەت دلشاد

چاپخانە : چوارچرا/سلێمانی

تیراژ : 1000

لەبەڕێوەبەرایەتی گستی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( 992 ) ی پێدراوە .

- لەسەر ئەرکی بەڕێز ( دابان طه میره ) بەچاپ گەیەندراوە.

- بەشێکی زۆری ئەم کتێبە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بلاّو کراوەتەوە ...
بەلاّم لەبەر زۆری بابەتەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نەم توانی ناوی هەموویان دەست نیشان بکەم ، هەروەها هەندێك لەهۆنراوەکان کراوە بەگۆرانی لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی مندالاّنەوە ،هەندێکیشیان وەك گۆرانی شانۆیی لەشانۆ گەریدا بەکارهاتوون .

- بۆ زیاتر خزمەت کردنی نووسەر...

Email: karwanali92@yahoo.com

Mobile: 0750 482 68 03

* ( منـدالـێـك لە باوەشـی دایـکـیـدا وونبوو! )
: بەرهەمێکە بۆ مێرد مندالاّن لە دەر فەتێکی تردا پەنا بەخوا
چاپ دەکرێت و بلاّو دەکرێتەوە .

## بەرچاو

کاتێك زانیم (کاروانی من ) گوڵێکی تری لەباغە ئەدەبییەکەی چرۆدەکات...
منیش بە پەرۆشەوە داوام لێکرد کەئەو گەورەییە بەمن ببەخشێت و پێشەکی ئەم کتێبەی بۆ بنووسم،ئەویش ئەو گەورەییەی پێ بەخشیم ئەو شانازییەی پێدام کە ژنێك پێشەکی بۆ هاوسەرەکەی بنوسێت ...
دونیای منداڵان باغێکی پڕلەگوڵ و پڕ لە پەپولەی ڕەنگاو ڕەنگە کەبۆ گەورەبوونی خۆیان و مانەوەیان لەژیان شیلەی گوڵی باغەکە دەمژن و بۆ ئایندەیەکی سەرکەوتوو دەڕوانن...
نووسەر (کاروان علی ) باغێکی گەورەی بۆ منداڵە چاوگەشەکان چێکردووەولە تەمەنی منداڵییەوە بۆتە دارێکی بەبەر لەباغی ئەدەبی کوردی و ڕەگی خۆی داکوتاوە و ساڵ لەدوای ساڵ چرۆ دەکات و سەوزدەبێت ...
دیارە (کاروانەکەم ) هەمیشە لەخزمەتی بێوچان دایە بۆ منداڵان و باوەشی قەڵەمەکەی پێشکەش بە پەپوولەکانی کوردستان دەکات ...
جگەلەوەی (نووسەر ) گرینگی بەچەندین لایەن داوە بۆ منداڵە چاوگەشەکان ئەویش:
خۆشەویستی نیشتیمان و جوانی سروشت و ڕێزی دایك و باوك و خۆشەویستی ئاین و خودا و پاك و خاوێنی و گرینگی دان بە قوتابخانە و ئامۆژگاری و ڕاستگۆیی و چەند لایەنێکی تر لەنێو هۆنراوە و ئۆپەرێتەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە ...
بەڕاستی ئەمە جێگای دەست خۆشی وشانازییە بۆ من و بۆهەرتاکێکی کورد کەنووسەرێکی وەکو (کاروان علی )تێدا هەڵکەوتووە ...بەهیوای سەرکەوتن و نمونە زۆری .

هاوسەرەکەت ـ خەیلانی کاروان
2012/9/19
هەولێر

| لا پەڕە | ناو |
|---|---|
| 8 | وولآت |
| 9 | پاییز |
| 10 | پشیلە |
| 11 | ترسی شەو |
| 14 | دەنگی منداڵێکی هەولێر |
| 15 | پاك و خاوێنی |
| 16 | پێنووس |
| 17 | پیادەڕۆم |
| 18 | چەژنتان پیرۆزە |
| 19 | خاولییەکەم |
| 20 | پە پولە |
| 21 | دایەو بابە |
| 22 | خۆشم دەوێی خاڵە |
| 23 | دیاری |
| 24 | بووکە شوشە |
| 25 | تۆ |
| 26 | زانست |
| 27 | شاخەکانی کوردستان |
| 28 | رۆیشتن بەرەو گەیشتن |
| 29 | پینووسەکەم |
| 30 | چای بەڕەنگ |
| 31 | شانۆو مۆسیقا |
| 32 | شوانی مەڕەکان |
| 33 | سۆزی قوتا بخانە |
| 34 | زانست |
| 35 | شارەکەم هەولێر |
| 36 | زستان |
| 37 | ڕێوی |

| | |
|---|---|
| ڕاستگۆیی | 38 |
| چیرۆکی ڕیشۆڵە | 39 |
| چوار وانە | 41 |
| کەرکوك | 42 |
| کاروان پێتان دەڵی: | 43 |
| قەوزوقەزەح | 45 |
| کاتژمێر | 46 |
| چەژن | 47 |
| فێرخواز | 48 |
| گوڵ | 49 |
| کارەکانم... | 50 |
| کەرکوك | 51 |
| کاتژمێری ژوورەکەم | 52 |
| کاروان و جوجەڵە | 53 |
| قوتابی ژیر | 55 |
| کۆتایی ساڵ | 56 |
| کوردو ڕاستگۆیی | 57 |
| کوردو کوردستان | 58 |
| منداڵی چاك | 59 |
| شارەکەم هەولێر | 60 |
| نواڵەی منداڵان | 61 |
| لە نەورۆزدا | 62 |
| نەورۆزی کوردم | 63 |
| نوێژ | 65 |
| .... | 66 |
| کورد | 67 |
| لە پشووی هاویندا | 67 |
| ماف | 69 |
| مام گورگ | 70 |

| | |
|---|---|
| ؟ | 71 |
| کی کارەبای داهێنا؟ | 72 |
| هاوڕێیەتی پشەسپی و سمۆرە | 73 |
| هێلکە | 76 |
| هێلانە | 77 |
| وێنە | 78 |
| هەستە، مەوەستە | 79 |
| وانەیەکی ئاینی | 80 |
| یاری کوردەواری | 82 |
| ئاینی ئیسلام | 83 |
| هەڵە بجە | 84 |
| وەرزی جوانی | 85 |
| هەولێر | 86 |
| هاوڕێیەتی مە یموون | 87 |
| ئەستێرە | 88 |
| نینۆك | 90 |
| بەفر بارین | 91 |
| گغەگغ | 92 |
| بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن | 93 |
| بۆ ڕۆڵەکانم | 94 |
| ئەوەچییە؟ | 95 |
| شارە شیرینەکانم | 96 |
| سوپاس نامە | 100 |

# ولاَت

خـاوەن ئـــالاَ و وولاَتـــم
بــژی گــەل و خــەبــاتــم

بەڕەنجــی گەل سەرکەوتین
بــۆیە هیــچ کــات نابــەزین

بـــژی گــەل و خــەبــاتـــم
ئێســتــا خـــاوەن وولاَتـــم .

2005/4 /13

**موصل**

# پاییز

لە دوای هاویـن پاییز دێـت
پـایـیـز گـەڵا دەوەرێـــت

گـەڵای داران زەرد دەبـێـــت
ئـیـنـجـا گـــەڵا دەوەرێـــت

ئـەم وەرزە گـەلێـك جـوانــە
وەرزی گـــــەڵا رێــــزانـــە .

2005/5 /20
هەولێر

# پـشـيله

پـش پـش پشـەجوانەكەم
هــاورِێ مــيــهــرەبــانــەكەم

جـگــەلــەوەى تــۆچــاكـى
بــەراســـتـى زۆر چــالاكـى

دەى وەرە وبــمـــيــاوێــنـــە
هــاورِێـيــەتـيــت بــنوێــنه

مــنــيــش نــانت پــێ دەدەم
هيــچ كات لــەبيــرت ناكەم .

2007/6/13

هەولێر

# ترسی شەو

لەشەوێکی تاریکدا
لەگەڵ دایە و بابەدا

بەجوانی دانیشتبووین
خەریک میوە خواردن بووین

دونیا تاریک وجوان بوو
ئەستێرە لەئاسمان بوو

دا پیرەش زۆر بە جوانی
دەیگوت چیرۆکەکانی

گوتی:لە شەوێکی تاریک وجوان
هەربەوێنەی ئەم شەومان

من لە گەڵ براکانم
وەك ئێوە ڕۆڵەکانم

هەر بـەم جـۆرە دانیـشـبووین
نازانـم بـۆ بـێ دەنـگ بووین

لـەنـاكاو یـەك پـەیـدا بـوو
زراوی هــــەمــوومـــان چـــوو

دەرچـــوو بــــراكـــەمـــان بــوو
هەر بـۆ خـۆشـی وای كردبـوو

دەسـتمان كـرد بـە پـێكەنیـن
باوكـم زۆر جـوان پێی گـوتیـن :

یــــەكـتـری مــەتـرسـێـنـن
بێ رێـزیـش قەت مـەنـوێـنـن

هــەموو بــەقســەی باوكمان كرد
دونــیــامــان خــۆش بـــەرێ كــرد

دا پـــیـــره رووی کـــرده مـــــن :
تــۆپیـاوی جـوانکـیلـەی مـــــن

شـــەو، رۆژ هــەردووك یـــەکـــــە
تـــرس لـــە دڵـــت دەرکـــــە

دوایی قســەی خـــۆشـــمــان کــرد
ئـــەم شـــەوەمـــان بـــەرێ کــرد

بـــۆیـــە لـــەو کــات بـــەدواوە
نـــاتــرســـم تـــا ژیـــان مــاوە

دەزانـــــم کـــەشــــــەو رۆژ
جـیـــاوازی نیـــیــە بـــۆمــرۆڤـ .

2008 /12 /3

**هەولێر**

# دەنگی منداڵێکی هەولێر

مـن منـداڵی هـەولێـرم
بـۆیە وەك بێچووە شێرم

هــــەوڵــدەدەم لەژیـــان
تـا ســەرکەوێ کوردستان .

2007/7/9
هەولێر

# پاك وخاوێنی

دەست و پیٚ و دەم و چاوم
دەیشۆم هەتاکو ماوم

تاکو نەخۆش نەکەوم
لە کاریش دوانەکەوم

دەیشۆم ددانەکانم
بۆ دروستی ژیانم

پاك وخاوێنی جوانە
کاری پیێغەمبەرمانە ﴿ص﴾ .

2006/5/7

**سلێمانی**

# پێنوس

پێنوس دەنوســـێ ڕاستــی
هەڵــدە ماڵێ کارچوختــی

لەهیــچ شتــێك ناترسێــت
چــی بوێــت ئــەوە دەڵــێــت

بــۆیە لای ڕۆشــەنبــیــران
ڕێــزدارە لــە ســـەرچــاوان .

2005/9/25

**سەنگاو**

*کارچوختی:کاری خراپ-گەندەڵی

# پیا دە رۆ

کــاتــێ بــەڕێــگــا دا دەڕۆم
نــەخــێــرا نــەهــێــواش ڕۆم
ئـــەمــەش بــۆمــرۆڤ جــوانە
ســوودیشــی بــۆ هــەمــووانــە
ئاگــاداریــشـــم هــەمیــشــە
تاکو تــوش نــەبم کــێــشــە
هــیــوادارم هـــاوڕێـــکـــەم
چاوبکــەی لە ڕۆیــشتنەکــەم
مـــن لــەرێــگای گــشــتــی دا
شــۆســتــەڕۆم لە گشــت جێ دا .

2009 /5/7

**موصل**

* پیادە ڕۆ:ئەوکەسەی بە پێ دەڕوات

# جەژنتان پیرۆزە

جــــەژنـــی هەمــووتـان پــیرۆزە
خـــــۆش بــژیــن ئــەم بــا وەرزە
هــەمــوو بــە جلــی ئــالْ و والْ
پـــیرۆز دەکەین جــەژنی ســالْ
دوو جــەژنەی مــوســـڵمــانـــە
یــەك ڕەمـــەزان , قـــوربـــانــە
بــزانـــن ئـــێـوەی مـــنـــدالْ
بـــۆنــە و یــاد و ســـەری ســالْ
جـــەژن نــیــن بــاش بــزانـــن
هـــەلْــە نــەکــەن نــەی زانـــن
ئــێــمــەی گــشــتــی مــوسـڵمان
دوو جــەژن دەکــەین هــەمــووان
یــەك ڕەمـــەزان , قـــوربـــانــە
پـــیـــرۆزە ئـــەم جــەژنـــانـــە .

## خاولییەکەم

خاولییەکەم پاك وخاوێنە
نـەرمـەو پـڕە لـەوێـنـە

خـۆم بـەکـاری دەهـێـنـم
بـۆکـەسیـشی نـاهـێـنـم

دەست و چاوی پـێ دەسـڕم
بـە پـاکـی ڕاشـــی دەگـرم .

7/ 12/ 2009

**خاکی تورکیا**

# په پوله

پــه پــولــه بەبــاڵــی جــوان
دەفــڕێ , دەچــێتــەئــاســمان

لەســەر گــوڵــڵاَن دەنــیشــێــت
تــاخــواردنی دەســت کــەوێــت

زۆر جــوان و زۆر ڕووح ســوکــە
هـــاوڕێ ی ژێــرو چــا پــووکــە .

2009 /1 /8
هەولێر

*چا پووک:چالاَك,گرجوگۆڵ

# دایە و بابە

دایــە و بــابەی شیریــنم
دڵشـــادم دەتــان بیــنم
ئێوە منتان گــەورە کــرد
منتان فێرئەلف وبیٚ کرد

گەر ڕۆژێــك نەتان بیــنم
خەونی نــاخــۆش دەبیــنم

چاکەتان لە بــیــرناکــەم
دڵتان قەت زوویــر ناکــەم
چــونــکــە ئێــوە بــەڕێــزن
خــۆتــان زانســتگــاو هێــزن .

2004/2/ 28

سلێمانی

*زانستگا : قوتا بخانە

## خۆشمدەوێی خاڵە

کـەچـوومـەماڵـی خاڵـە
دەیـبەم گـوڵـی هـەلاڵـە

دەڵێـم: فەرمـووخاڵۆ گیان
بگـرە ئەمەش گوڵی جـوان

بـۆیـە گـوڵـم هـێـنـاوە
تـۆ گـوڵی بـەو دوو چـاوە

خـاڵەی شـیـرین و گـوڵـم
خـۆشـمـدەوێی وەك دڵـم .

2004/2/9
**هەولێر**

## دیاری

مــن مـلـوانـکـەجـوانەکـەم
دەکـەمـە مــل هـــەمـــوو دەم
لـەگـەڵ گـوارە و بــازنــەکــان
خـۆشــمـدەوێـن هـەمـوویــان
کــاتــێـك دەچـم بـۆسـەیـران
یــان بــۆ مـیـوانــی و جـێـیــان
بــازنـەکـەم لـەدەسـت دەکـەم
گـــوارەکـەش لــە گـوێ دەکـەم
ئــەمــانــە دیــاری دایـــەن
دیـاری بــابـەش لـە ڕێـــگـەن
چـونکـە ئەم ســاڵ یەکـەم بووم
لـەدیاری بـــێ بـەش نـەبـووم
ســوپاس بــۆ دیــاریـیـەکانتــان
خـۆشـم دەوێـــن هـەمـــوویـــان .

2010/7/22

کەرکوك

*جـێـیـان :شوێن

## بووكەشوشە

مـنـدالاَن وەرن... وەرن...
ئـەم بـووكـە شـوشە بكـڕن
ئـەگـەر هـاتـوو بـيـكـڕن
لـە هـاوڕێ بـێ بـەش نابن
بـووكـە شـوشـەی خـۆمانـە
بـەڕاسـتی گـەلێـك جـوانـە
هـاوڕێـيەكـی زۆر چـاكـە
گـوێ ڕايـەڵـە و دڵـپـاكـە
يـاری خـۆشـتان بـۆ دەكـات
هـەرگـيز بـێ بەشتان ناكات
تـۆش نـابـێ زويـری كـەی
لـە يـاری بێ بـەشـی كـەی .

2010/5/22
شەقلاوە

# تۆ

چــــاو جــوانــی قــشتــیلــه
بــالاّ جــوانــی خنــجــیــلــه

وەره بــابــرۆیــن بــۆ یــاری
بـــۆیــاری شــــاری یـــاری

لــەویٚ تــیٚــر یــاری دەکەین
هەڵپەرکــیٚ و ســەما دەکەین

هــەرکاتــیــش هاتیــنــەوه
پــەرتــووك دەخــویٚنینــەوه .

2009/9/24

سلیٚمانی

# زانــست

پێـویـستە لە سـەر هـەمووان
بـخـوێـنـیـن بـۆ دوا ڕۆژمـــان

بـۆ ئەوەی زانــــست بلاۆ کەین
نـەزانیــنـیـــش بـنبـڕکـەین

گـەربێــت و هیـــچ نـەزانـیـن
لــە ژیـانـیـــش ڕێ نـــزانـــین

بـــۆیـە زانـــــست بـەســوودە
هـۆی دڵـــخـۆشـــی ڕێ بـەنـدە

گـەر ڕێـــبـەنـدی بـزانـــین
هـەمـیـشـە ســـەر دەکـەویـــن .

2005/5 /23

**کەرکوك**

*ڕێبەند : ئەو کەسەی ڕێگای ڕاست دەگرێتەبەر

# شاخەکانی کوردستان

شــاخــەکانــی کــوردســتـــان
بــەنــاوبانگــن لــە جــیهــان
زۆر جـــوان و زۆر بــڵــنـــدن
جــێــگــای شــانــازی کــوردن
ئەم شــاخــانــە هەمیــشـــــە
بــەســوودن بــۆ زۆر پیــشـــە
جــگــە لــە کــانــزاکـــانـــی
پــڕە لــە خــشــڵــی جوانـــی
یــەکێکیــش لــەو پیــشــانــە
جــێگای گــەشــت و ســەیرانــە .

2008/7/19

**مەصیف**

# ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن

هـەوڵـدەدەیـن بـێ ووچـان
بـۆسـەرکەوتنـی ژیـا نمـان

هیچ کـاتێـك پـشـوونادەین
کـاتـمان بـەفـیڕۆ نـادەیـن

بۆ هـەر کارێـك گـەر بـڕۆیـن
بەئامـانـجـەکـەی دەگـەیـن

یـاسـای ژیـان ئـەوهـایـە
چـالاك کـاری ڕەوایـە .

2006/4/7

**کەرکوك**

## پێنووسەکەم

پێـنووس جێ ی شـــانــازیـمە
مـــایـەی ســـەر بـڵـنـدیـمە

چـونکـە مـن بــە پێـنووســـم
مـێـژووی کـــوردم دەنـــووســـم

مــن بێ پێـنووس هــیچ کاتێك
نـــاژیـم بــۆ چـرکــە ســاتێـك

بـۆیـە پێـنووســـی جــوانـــم
دەکەمــە نـێـوگـیـــر فـانـــم .

2006 /11/3

هەولێر

## چــاى بەڕەنگ

چــاى بــە ڕەنــگ بـــە زيــانــە
زيــانــى بـــۆجەســـتـــەمــانــە

نابــێــت چــايــە بــە ڕەنــگ بێــت
دەبـــێــت چــايــە ڕۆشـــن بــێــت

چـــونـــكــە ئــەگــەر وانەبــێــت
ڕۆژێـــك دێـــت زيــانــى هــەبــێت

بــۆيــە چــاى بــەڕەنــگ نــاخــۆم
چـــاى كـــالْ دەنــۆش بـــۆخـــۆم .

2009/2/19

**هەولێر**

*كالْ: ڕوون ـ كـەم ڕەنـگ

## شانۆ و مۆسیقا

مــن دەچـمـە ئـەو خـولانــە
کــەهــیــوای دوارۆژ مـــانــە
خـولـی شـــانـۆ و مـۆسـیـقـا
زۆر خـۆشــن لـەهـــاویـــندا
مــنـیـش مـنـــداڵــی ژیـــرم
هـێــمــن و ڕۆشــــنـبـیــرم

خـۆم فێــر دەکـــەم مـۆسـیـقـا
تــاخـۆش بـژیــم لـە ژیـنـــدا
شـــانـۆش هـەر ســـوودی زۆرە
بـــۆت بـاس دەکـــەم بـە نـــۆرە
یـەکـێـکـیـش لـەو ســوودانـــە
هـــۆی پـێـشـکـەوتـنی ژیـانە .

2005/6/7

**هەولێر**

# شـوانى مەڕەكان

مـن شـوانـم شـوانـم شـوانـم
شـــوانــى گـشـت مـەڕەكـانـم

بـــۆلـــەوەڕگـا دەيـانـبـــەم
گـــژو گـــيـــايـــان پـــێ دەدەم

دوايـــى كـە گـەيـشـتـمـــەوە
خـــوێـــيـــان پـــێ دەدەمـــەوە

ئـــەوان حـــەزى لـــێ دەكـــەن
هـــەمـــيـــشـــە داواى دەكـــەن

مـنـيـش دڵـيـان نـاشـكـێـنـم
چـــى بـڵـێـــن بـۆيـان دێـــنـم .

2010 /8/16

**هەولێر**

# سـۆزی قوتـا بخانه

قوتـا بخانــه ماڵی خۆمانــه
ماڵی زانــیــن و دڵشاد یمانــه

هۆی سەرکەوتن و ئاوەدانییــە
مایەی ئازادی و ســەر بڵندییــە

بەدڵ و بە گیان بۆ قوتـا بخانــه
ئامادەم بمرم لەم کــوردستانــە .

2007 /10 /30
کەرکوك

# زانـــــت

زانســـت گــوڵــى چـاوانــه
ڕۆشـنـــكـــەرەوەى ژيــانــه

بـــۆيــه مـــن هــەوڵـــدەدەم
چــراى زانســـت هەڵــبكــەم

گەر هــەمـوومــان لــه ژيــان
هەوڵدەين بۆ زانسـت جــوان

بێــگــومــان ســەر دەكــەويــن
هيــچ كاتێــك دوا ناكــەويــن .

2006 /11/3

**سليْمانى**

## شارەکەم هەولێر

شــارەکــەم شـــارێ جــوانــە
شـــوێـنــی ڕۆشــنــبــیرانــە
شـــارەکـەم بــە قــەلاّکـــەی
ســـەربــەرزە مــنــارەکـــەی
شــارەکەم مـل کـەچ نــاکــات
ئالاّی ئــاشــتی هــەڵــدەکــات
درووشـــمــەکـەی ئاشـــتی یە
خـۆشـــی و کــامـــەرانــیــیــە
هەرکەس هێرشــی بــۆ بکــات
یــەك ســەر لە نــاوی دەبــات
چـونکە ڕۆڵــەی کــورد مــەردن
بــەهــیــچ هــێــزێـك نابــەزن .

2010 /8 /3
**کەرکوك**

# زســتـان

زسـتــان وەرزی ســەرمــایــە
نــەخــۆشـــی زۆری تــیــایــە

دەبــێــت زۆر ئــاگــاداربــیــن
گەرنا نــەخــۆش دەکــەویـــن

دەبــێـــت جــل زۆر بــپــۆشــین
تـاکـو نــەخــۆش نــەکــەویــن .

2009 /6 /19
هەولێر

## ڕێوی

ڕێـوی گـەلـێـك فـێـڵـبــازە
لەگـەڵ ئـــەوەش بـــەنـــازە
بـــەنـــازوو فـــێـــڵـەكــانـی
فـریو دەدات دۆسـتـەكــانــی

دەبـێـت بـاش ئـاگـاداربـیـن
لـە فــێـڵـی زۆر وریــابـیــن

ئـــەگـــەر نــا لــە ئـایـنـدە
دەبـیـــنـــە خـۆراكـی دڕنـــدە
دڕنــــدەش مـــام ڕێـویـیـــە
كـە وەفـای بـۆكـــەس نـیـیـە .

2010/6/20

هەولێر

## ڕاسـتگـۆیی

ڕاســـتـی بـوونـی ژیـــانـە
ڕاســتـگۆ لـەسـەر چـاوانـە

مـرۆڤ نـابــێ بـتـرســێ
بەدرۆ هیـچ شت سـەر ناگرێ

گـەر مـرۆڤ ڕاسـتـی بـڵـێ
لـە ژیـانیـش دڵخـۆش دەبێ

بـۆیە پـێویـسـتە گـشـتمان
ڕاسـتـی بـڵـێـین لـەژیـــان .

2003/4/17

هەولێر

# چیرۆکی ڕیشۆڵە

ڕیشۆڵەیەکی جوانکیلە
ورد و جوان و قشتیلە

لەگەڵ گشت هاوڕێکانی
دەفڕین گەلێك بە جوانی

سەیری زەوییان دەکرد
ژیانییان خۆش بەرێ دەکرد

لە ناکاو ڕیشۆڵەی جوان
نیشتەوە پێش هەموویان

بۆیە بە پەلە هەمووان
نیشتنەوە خێرا جوان جوان

هەمـوو كـەوتنـە دان خـواردن
هێـــمـن بـــێ پـەلـە كـردن

ڕیـشــۆڵـە زۆر بـەجــوانـــی
ڕووی كـــردە هــاوڕێـكـــانـــی :

دان بـخـــۆن واز مـەهـــێـنـن
تــاكـو هێـز بـەدەسـت بێـنن

ئەوسـا هـەر خێـرا دەفـڕیـن
دەچینە شـو ێنی كـورد نشیـن

دەڵـــێـــن ئــەوێ ئـــارامــە
ڕاو كـــردنـیـــش حـــەرامـــە .

2004 /5 /31
كەركوك

*حەرام :گوناه ـ تاوان

# چوار وانە

مـامۆسـتامـان پێـشەنگـە
هەر وەکـو گـوڵ قەشـەنگـە
فـێرمـان دەکـات بـیرکـاری
تـا بـزانـیـن زانـیـاری

کـوردی زمـانـی خـۆمـانـە
فـێـربـوونـی ئـەرکـمـانـە

دەبـێـت مـێـژوو بـزانیـن
بـۆئـەوەی زۆر هۆشـیار بیـن
وانـەی ئـایـینـیـش گرینگە
بـۆ دونـیاشـمان پـێـشەنگە .

2007/11/9
**تکریت**

# کەرکوک

شـیـریـنـەشـــاری جـوانـم
کـەرکـوك خـۆمـم کـاروانـم
هـیـچ کـات لەبیرت ناکـەم
هـەمـیـشـەبـاســت دەکـەم

چـونـکـە شـــاری کـوردانــی
پـایـتـەخـتـی ژێـرەکـانــی
کـەرکـــوك شـاری شـیـرینـم
مـەڵـبەنـدی دوونـیـاو ژینـم

تــەنــها مـــن باســـت نــاکــەم
خــۆم فــیــدای خاکـــت نــاکــەم
هــەمــوو کــوردان دڵســـۆســتــن
هـــەمـیـشــە هــەر لــەگــەڵــتن .

2009 /9 /24

**سلێمانی**

*فیدا :قوربانی ـ بەخشین

## کاروان پێتان دەڵێ :

رۆژێ دادێ منداڵان
کاربەدەستن هەمووتان

یەکێکتان مامۆستایە
بۆ ئایندە چرایە

یەکێکیش فەرمان بەرە
بۆ وولات وەك گەوهەرە

یەکێکی دیش پارێزەر
شارەزایە هەردوو سەر

هەشتانە پزیشکی جوان
چارە سازە بۆ هەتووان

هەر یەکێك لەئێوەی جوان
بۆ کارێکن لە ژیان

جوتــيــار، ڕەنــجــبەر و گــاوان
گشــتتــان پێویســتــن بۆ ژیان

سـەرۆك ،وەزیر كار بەدەســـت
تــێــبـكـۆشـــن دەم و دەســـــت

چــونـكـە ئـێــوەی مـــنـــدالآن
نـــەوەی دوا ڕۆژن هـــەمـــووان

ئـێــســتــاش باش ئــاگــاداربــن
لــە هــەوڵ بــن هــۆشــیــار بــن

تــا ئــایــنــدەی كــوردســتــان
وەكـو گـوڵـبێ یـەكـجار جـوان .

2007/2/14
هەولێر

# قەوز وقەزەح

قــەوز وقــەزەح حەوت ڕەنــگــە
یــەکجــار جــوان وقــەشــەنگـــە
یـــان پــێــی دەڵێــن ڕەنــگــاڵــە
حــەوت ڕەنــگــی گــەلــیٚ کــاڵــە
هــەرکــاتـــیٚ لـــە دوای بـــاران
کــردیــیــە هــەتـــاوێکــی جــوان
ڕەنــگـــاڵــەســـەر دەر دێــنـــیٚ
پــەمبەو ســور لــەیەك شــوێنــیٚ
لــەگـــەڵ ســـەوزو مـــۆریٚ بـــاو
ســپـــی و زەردێـــکــی هـــەتـــاو
هــەروا شـــیــنــی ئــاســمــانـــی
لـــەئــاســمــان زۆر بــەجــوانـــی
هــەر وەك پــشــتــێنێــکــی جــوان
دێـنــە پــێــش چــاوی هــەمــووان
بــەمـــەش دەڵــێـــن ڕەنــگــاڵـــە
چــونکــە چــەنــد ڕەنــگــیٚ ئــاڵــە .

*قەوز و قەزەح : شەبەنگ

# كاتژمێــر

پرسیــم کاتژمێــری جوان
کــارت چــیــە لــەماڵــان ؟
گوتی :کاتژمێــری چــاکــم
کــاردەکــەم ڕانــاوەســتــم
ســوودم بــۆ هەمــووان زۆرە
کــات دەژمــێــرم بــەنــــۆرە
کــارم پــێــوانــی کــاتــە
تــابــزانــیــت چ کــاتـــە .

2010 /1/18
بناری سەفین

# چــەژن

لــەچــەژنــدا دڵــخــۆشـــــم
جـــلـــی والاّ دە پـــۆشـــــــم
چـــەژنـــانـــان یـــاری دەکــەم
دەســتـــی دایەش ماچ دەکــەم
چەژنیــش چەژنی هەمــووانە
خــەنــدەمــان لــە لــێــوانــە
هــاوڕێــیــان زوو هــەوڵــدەن
ڕق و کــیــن لــە دڵ دەرکـــەن
ئــەوســا کــە دەڵــێــم ژیـــرن
بــەڕاســتـــی ڕۆشـــنبـــیـــرن .

2006/4/20

هەولێر

# فيّـرخـواز

قــوتـابـخــانـه زۆر جـوانــه
مــهڵـبــهنــدی قــوتـابـيـانـه
گـهر قــوتــابــی زيــرهك بــیٚ
هــهردهم لــيّــو بهخهنــدهبــیٚ
بـــيّــگومــان ســـهر دهكــهویٚ...

قــوتــابــيــان باهــهوڵــدهيــن
زمــانــی كـوردی پـيّـشـخــهيــن
بــابـخـــويّــنــيــن بــهجـوانــی
بـــژيـــن بــهشــــادومــــانــی
دهبا ئــيّســتا دهســت پیٚ بكهين
قــۆڵ بــازوومــان هــهڵـكــهيــن .

2011/2/28

هەولێر

*فێرخواز: قوتابی ـ خوێندكار

# گـــوڵ

بـــاخچـەکـەم خـزمـەت دەکـەم
گـوڵـــی جـوانـی چـــیٚ دەکـەم

گـوڵـی جـوانـی باخـچـــەکـەم
بـەیـانـیـان بـۆنـیـان دەکـەم

ئـامــۆژگـاریـــم مـــنـــداڵان
گـــــوڵ پـــارێـــزبـن لـە ژیـــان .

2003/7 /10
هەولێر

## كــارەكــانــم...

كـــاری ڕۆژانـــەی ژیـــنـــم
بـــەبــاشـــی ڕادەنــوێــنـــم

كــارەكــانــم دوا نـــاخـــەم
هـــەربـــە پـــەلە دەیـــان كـــەم

كـــورد گـــوتـــویـــەتـــی وایـــە
( دواخـــســـتـــن نـــاڕە وایـــە )

هـــەر كارێـك گـــەر زووبیــكەی
بـــەئـــامـــا نجـــەكـــەی دەگـــەی .

2006/10/8
**هەولێر**

*ڕادەنوێنم :ڕا پەڕاندن

## کەرکوک

کەرکــوک شــارە جوانەکــەم
خۆمــت بە قــوربان دەکــەم

تۆ ســەرچاوەی ژیا نمــانــی
هۆی نـاو دەنگــی کــوردانــی

کەرکــوك شــاری شــیرینــم
دڵــی زۆر کــورد نشــیــنــم

تــۆ شــارێــکــی کــوردانــی
هــەر تۆ دڵ کــوردســتــانــی .

2009 /5/8

کەرکوک

# کاتژمێری ژوورەکەم

چــك چــك کاتــژمێــری جوان
کات بژمــێــرە بــۆ ژیــنمــان

نـــابــێــت لــەکار بــووەســتــی
ژیــن بــبەســەر بەچــووستــی

مــنــیــش ســەیری تــۆ دەکــەم
هــیــچ کاتــێــك پــشــوونادەم

بــەڕاســـتــی تــۆ چــالاکـــی
پــێــشــەنــگی لە ڕێ چــاکـــی .

2008/2/8

**هەولێر**

*ڕێ چاکی : ڕێگای دروست ـ ڕێگای باش

## كاروان و جوجەڵە

كاروان: جـیـك جـیـك جـوجـەڵە
بۆچـی قاچـێـكـت شـەلە

جوجەڵە: مـنــداڵــی هار لێــی داوم
ئێســتاكەش مـن تێ ماوم

دەبێـت بـگەڕێـم بۆ دانــم
زۆر دێشـێـت پێ یە كانــم

كاروان: باشـــە ئێـستــا چــی دەكەی
بــۆچـی دان پــەیـدا دەكەی؟

جوجەڵە: بۆچــی دان پــێویـست نیــیە ؟

كاروان: بەڵێ بێـگومــان پێـویســتە
بـــەلام باش ئــاگــادار بــە

جوجەڵە : ئـێـوە ئـاگـادارمـــان بــن
بــەردوو شـتمان تــێ مەگــرن

دەشـــزانـم تـۆ{كاروان}ی
هاوڕێ ی گـشـت مـنداڵانــی
پـێـــیـان بـڵـێ وانــەكـەن
چـیـتــر ئـازارمـان بـــدەن

كاروان : بــاشـــە هــاوڕێ ی بەســوودم
قـســەكـانـــت وەردەگـــرم

هــاوڕێكـانـم قـەت نـەكـەن
گـیـانــەوەر ئـــازار بـــدەن
چـونـكـە ئـەوان وەك خـۆتـان
ئـــازار دەچـێــژن لــە ژیــان .

2010/1 /6

هەولێر

# قوتابی ژیر

قوتابــی ژیر دوا ناکــەوێــت
دەخوێنێــت تازوو پێشکەوێت

زۆر جوان گوێ لە وانە دەگرێت
ڕێــزی مامۆستــا زۆر دەگــرێــت

کتــێــبــەکــانـــی دە پــارێــزێ
فــڕێی نادات لــەهیــچ عــەرزێ

گوێ بەســەرما و گەرما نـــادات
هەمیشــە هەرســـەعــی دەکات .

2010 /4 /1

هەولێر

*عەرز:زەوی

*سەعی :خوێندن ـ ڕاهێنان

## كـۆتايى سـالْ

كـۆتـايى سـالْ نـزيـكـه
هـاورِىٚ خيٚـراكـه زووكـه

وانـهكـانت بـخـويٚـنـهوه
بهبـيـرى خـۆتـيان بـيٚنهوه

تـا ئـهم سـالٚيش دهر بچـىٚ
بـچـييـه پۆلـيٚكى نـويٚى دى

بـيـرت نـهچـىٚ خـيٚـراكـه
هەر ئيٚسـتاكه دهسـت پـىٚ بكه

بـا يـهكـهم بـى لـه پـۆلـدا
سـوودت بـىٚ بـۆ ئـايـنـده .

2006/8/26

**عهنكـاوه**

## کــورد و ڕاســتگــۆیی

دەبــا هەمــوو ڕاســت گــۆ بــیــن
دوور لــە تــانـــە و درۆ بـــیـــن

بەڕاســت گــۆیــیش کــار بــکەیــن
تـــا کــوردســتان جــوانتر کــەیــن

ئــەوســـاکــە کـــوردی مــەردیــن
کــەڕاســت گــۆ بــین ، نــەترسیــن .

# كورد و كوردستان

مـنـدالّـی كــوردی مـەردم
پێشـمەرگەی دەشـت وهەردم

بـۆ زانـســت بـۆ خــەبـات
بـۆ ئـالاّو بـۆ ڕێی نـەجـات

تــێـدەكــۆشــم لــە ژیــان
تـا سـەر كـەویّ كــوردسـتـان .

*نەجات :سەربەخۆ ـ ئازاد ـ ڕزگار

## مـنـداڵی چـاك

مـنـداڵــی چـاك ئـەو هایـە
ڕاســــتــگــۆیی لا ڕەوایــە

لەسـەر پێی خـۆی دەوەسـتێ
لــەهیـچ کـەسـێ نـاتـرسـێ

هــەمیــشــە هــەوڵ دەدات
ژیــانــی پــڕ خـەنـدە بکـات

پشـت بـەتـوانای دەبـەستـێ
بۆیـە لـە کـەس نـاتـرسـێ .

2007/6/8

**کەکوك**

## شارەكەم هەولێر

شــارەكــەم شــارێ جــوانــە
شــوێــنی ڕۆشـــنبـيـرانــە
شـــارەكـــەم بـــەقـــەلاَكـــەی
ســـەر بـــەرزە منـــارەكــەی
شــارەكەم مـل كــەچ ناكات
ئــالاَی ئاشتــی هەڵــدەكات
دروشــمی شـــارم ئاشــتيــيە
خــۆشــی و كــامــەرانيـيـــە
هەركەس هێرشــی بۆ بــكات
يەك ســەر لە نــاوی دەبات
چونكــە ڕۆڵەی كــورد مــەردن
بــەهــيچ هــێــزێــك نابــەزن .

2010 /8 /3

**كەركوك**

# نواڵەی منداڵان

دوعـــا دەكـــەم منـــداڵان
بڵـێن ئـــامین هەمووتـــان
تـــا نـــواڵـــەی منـــداڵان
هەر سەركەوێ بۆهەمووان

خـــودا دوعـاكـــەم گیـــركـــە
نـــــواڵە بـــــەردەوام كـــــە

چونك ئەم نـــواڵە جـــوانە
ڕێی زانـــــست و ژیـــانـــە
فێـــرمان دەكات هەموودەم
چـــــالاك بژیـــن و بێـــخەم .

*نواڵەی نوێ: گۆڤارێكی مانگانەی ڕۆشنبیرییە و نولەی منداڵانیش بەشێكی دیاری ئەم گۆڤارەییە و بەندەی دڵسۆزتان بەرپرسی ئەم بەشەییە لەئیستای بەچاپ گەییاندنی ئەم بەرهەمە.

# لەنەورۆزدا

کـاتـێـك مـانـگی نـەورۆزە
هـەمـوومـان دڵـمان خـۆشـە

شـادم بـەسـروشـتـی جـوان
سـروشتی جوانی کـوردسـتان

دەچـین بۆ گـەشـت وسـەیران
دە پـارێـزیـن ژینـگـەی جوان .

2009/10/25
**ڕۆژبەیانی**

## نەورۆزی کوردم

نـــەورۆزم نـــەورۆزی کــورد
هــەر ســەرکەوێ و بژی کــورد
هێمای ئــاشـــتی و ئــازادیــم
گـــولیلکە ســـوورەی شــادیم
تـــاییــەت مــەنـــدو جــوانم
هی کـــوردم شـــادوومـــانم
پــێــم دەڵــێـــن ڕۆژی کـــوردان
ڕۆژی ئـــاشـــتـی گــــوزەران
***
مـــن نـــەورۆزی دڵـــێـــرم
ڕۆژی کـــورد بێــچووە شــێرم
مـــێژووم پـــــاك و دیـــارە
ســەر بــەرزیـم بێ شـــومـارە
کـــــاوە کــــوژم بێ بـــاکـم
ڕۆژی کـــوردی چـــالاکـــم
***

نــــەورۆزی کــوردی مــەردم

جـــوان و بەهار قەشـەنگم

ئــاگــاداربن ئــەی کـــوردان

رۆژی بـــەهـــارم بـــۆتـــان

کە چـوونە گەشت و سەیران

ژینگە پارێزبن جـوان جوان

بـا کـــــوردو کوردستا نمان

هـەروا جـوانبێ لە جیهان

***

نـــەورۆزم ئــالآم بەهـــــار

بـــۆنم خۆشـــــە لە گـوڵزار

تــێدەکـــۆشـــــم بێ ووچان

بـــۆ خـــۆشـــی دڵـی کـــوردان

ئـــەوانیـش کــەیف خۆشـن

جـلی کـــــوردی دە پـــۆشــن

بـــەئـــالآی جـوانی کـوردان

دەیـــکەن بـەبـەزم و سەیران

بـــژی بـەهــار و نــــــەورۆز

جــــەژنـی هــــەمووتـان پیرۆز .

# نــوێــژ

نوێژ دەکــەم بۆ دوارۆژم
تـابەهەشت بێت قسمەتم

نوێژ دەکــەم  بۆ ژیــانــم
ســەر بــەرز و کـامــەرانم

نوێژ دەکەم  من ئێســتاکە
بۆ تەندروســــتیم چــاکە

من نوێژدەکەم هەمــوو دەم
تـا ســەرکــەوم لەســەردەم  .

2006/10/8

هەولێر

*قسمەت : چارەنووس

*سەردەم :ئەو کاتەیەکە تیایدا دەژی

....

مافـى خـۆمـه بـخـوێـنـم
سـەركەوتن بەدەسـت بێـنم

مـافـمـه ڕێـزم لىٚ بـگـرن
جـلـى جـوانـم بـۆ بـكـڕن

مافـمه جـنێوم پـىٚ نـەدەن
لـە لـێـدان بـەدوورم كـەن

مـافـى خۆمـه كـارنـەكـەم
هەوڵـى مـافـەكـانـم بـدەم

تـا ئـەمـانه دەسـت دێـنـم
هـەرگیـز سـەر دانـانوێـنـم .

2007/ 10 /26

**كەركوك**

## کــورد

کــورد میــلــلــەتیــێکی چــاکــە
ڕاستگــۆ و گــەلیــێــك دڵپــاکــە

تــاکــی کــورد ئابڕو مــەندن
بــاوانیــان گــەلیــێــك مــەردن

ڕیــێــزی زانـــســـت دەگـــرن
لــە وتــەکــانــی دەرنــاچـــن

ئازایەتــی و زانســت پیێکــەوە
گـــریٚ دەدەن بــە یــەکـــەوە

ئــەوســـا کــاری پـــیٚ دەکــەن
بــۆکــەس ســەر نــەوی ناکــەن .

2009 /11/6

**سنوری ئێران**

## لە پشووی هاویندا...

کـە پـشـــووی هــاویـــن دادیٚ
لـــەشـــاربـم یـــان لـەلادیٚ
دەچـــم بـۆ ئـــەو خـــولانـــە
کـــەهـــیـــوای دوا ڕۆژمـــانـــە
خـــولـــی شـــانـــۆ و مـۆسـیـقـــا
زۆر خـــۆشـــن لـــە هـــاویـــندا
یـــان کـــۆمـپـیـوتـــەر و ویـّـنـــە
زۆر بـــەســـوودن بـــیـخـویـّنـــە
چـــونـکـــە بـــەم هـــونـــەرانـــە
ژیـــانـــمـــان پـــڕ شـــادومـــانـــە
بـــۆیـــە مـــن لـــەهـــاویـــنـــدا
دەچـمـــەخـــول بـــۆ ئـــایـــنـــدە
چـــونك ئـــایـــندەی کـــوردســـتـان
بەنـــدە بـــەدەســـت هـــەمـــوومـــان .

# ماف

سـەرکارین لەکاری جـوان
دڵشـادین بەیەك دەنـگمان

کـوردین ڕۆڵـەی نەبەردیـن
تـاوەکـو یەك کـورد مابـین

هـەمـوو دەم هـەوڵـدەدەیـن
دەست لەنێو دەست یەك بنێین

تـا مـافـی هەمـوو تاکـێـك
یەکسان بێـت لەگشت خاکێـك .

2008/3/26

سونیٚ

## مام گورگ

مــام گــورگ بەلــورە لــور
هاتە لای مریشکی ســوور

خێرا هــەر بە پەلــە پــەل
جــوجــەڵەی نا دەم بۆ دەر

مریشــکــە ســوور دەگــریــا
ســوێندیشی خواردبە خــودا !

دەبێت بــاش ئــاگــاداربــم
لـــە فێــڵــی زۆر وریــابــم

دەنــا گشــت بێچــووەکانــم
دەخـــوات و پــێی نــازانــم .

2003/8/2

؟

میــوەیــەکــی بــەســـــوودە
تــویــکـــڵــی ســـوور و زەردە

ڤــیــتــامــینــی تــیــــدایە
گــریــنــگــە لــەم دونیــایە

ئێســـتـــاش پێتدەڵێم چــیە
ســیوە خۆشــەی کــوردیــیە .

2010/8 /13

هەڵبجە

## کێ کارەبای داهێنا؟

ئەدیسـۆن داهـێـنـەر بـوو
سـووودی بـۆمـرۆڤ زۆر بـوو
ئـەو کـارەبـای داهـێـنـا
ڕووناکـی بەدەست هـێـنـا
هـەوڵ و کـۆششـەکـانـی
بـۆ نـەمـری کـارەکـانـی
کـارەباش بـۆ بوونـی ژیـان
خـۆش دەکـات گـوزەرا نمـان
بـۆیـە نـاوی ئـەدیـسـۆن
نامـرێ و لـەگەڵ ڕێـگـە ڕۆن .

2005 /4/12

هەولێر

## هاوڕێیەتی پشەسپی و سمۆرە

سمــۆرە: پشـــە پشـــە پشـــە سپـــی
بــۆ ئێستــا لێـم نا پــرســی ؟
تۆ هاوڕێ یەكــی چــاك بــووی
دڵــنەرم و میــهــرە بان بــووی ...

پشـــە : دە پــرســـم هــاوڕێ ی چــاكـم
بــەلاّم چــیبـكـەم نــەخــۆشـم
نــەتــزانــیــووە ئــێــســتــاكــە
دێـــشێت ئــەم پــێ یە چـــاكــە !

سمــۆرە: نـــا بــە خـــوا نــەم زانـــیـــوە
پــــێـــت ئـــــازاری زۆر دیــــوە ؟

پـشــــە : بــەڵــێ ئــەی هــاوڕێی چــاكـــم
بــەلاّم ئیــسّــتــا زۆر بــــاشـــم

سـمـۆره: بـاشــه بـزانــم چـیـبـووه
بـۆ چـــی وات بەسـەر هاتـووه؟

پـشـه: ڕاسـتــه کـه مـن هـەسـتـیارم
زۆر کـاتـیــش خـەبــەر دارم
بـەلاّم ڕۆژێــك نـەخـــۆش بـووم
ئـــاگـاداری هـــیـــچ نــه بـــووم
دوو پـشـکـێـکیـش بـەجـــوانــی
پــێـــیــوەدام بــەچـــزەکـانــی !

سـمـۆره: بـــبـــووره هـــاوڕێی چـــاکـم
بـــەخـوا مـــن شـــــەرمـــەزارتم

پـشـه: نـــا هـاوڕێ گــیـان هیــچ نـیـیه
گـرینـگ کـەس نـەخــۆش نـییـه

سـمـۆرە: بــاشـــە هــاوڕێ چـــاکـەکـەم
کــارت نـــیـیـە یــارمـەتـیـت دەم ؟

پــشـە : نــا ســمـۆرەی خــۆشـــەویـســت
چــاك بــوومــە بــە پـێـی پێـویـسـت

سـمـۆرە: بــاشـــە ئەی هــاوڕێی چــــاکــم
مــــن دەڕۆم بـــۆلای بـــاوکــــم

پــشـــە : تــۆ بـەخـێـربــێـت ســـەرچــاوان
ســـەلام بـگـەیـەنـەبـابـەگـیـان ....

2008/6/19

**هەولێر**

# هێـلكه

هێـلكـەی مـریشـكه ڕەشـە
تـــامی هەرگەلێـك خۆشـە

بەیانیان زوو لەگـەڵ نـــان
دەیخۆین لەگەل ماستی جوان

ماست و هێلكـەی خۆمـاڵــی
پـــرســــوودن بـۆ ژیـــاری

بـۆیە دایـكـم بـەیـانـیـان
دەمــان داتــێ لـەگـەڵ نـــان .

2008 /2 /21

سلێمانی

*ژیاری: بەردەوامی ژیان

## هــێلانــه

بــۆیەســەر بــەستــم لەژیــان
مــنم ڕۆڵەی هــەولێــر گــیــان

هـــێــلانــەم کـــوردســتـــانــه
دڵـــــم شـــــاد و فـــروانـــه

دڵــشـــاد و لــێــو بــەخــەنــدەم
نـــاوی کــورد لـــه خــۆم دەنــەم

بـــژیـــن کـــوردانـــی دڵـــســـۆز
هـــەر دەیـــبـــەیــنــەوه دوارۆژ .

# وێـــنـه

بە پـێنوسی ڕەنـگەكـانـم
دەیكەم وێنەی ئـاڵای جوانـم

دەیكەم وێنەی سروشتی جوان
سـروشتی جوانی كـوردستـــان .

2005 /12 /1
كۆیه

## هەستە، مەوەستە

هاوڕێ شیرینەکانم
شیرینن وەك چاوانم
پێتان دەڵێم وریابن
تابەهێزو توانابن
لەخوێندن و هۆشیاری
سڵ مەکەن هەر وەك یاری
چونکە هەر ئەم پیشانە
هۆی سەرکەوتنی ژیانە
ئێستاش کە پشوومانە
بەگوێم کە هەستە گیانە
بڕۆ بۆ ئەو خولانە
کەسوودی بۆهەموانە
تا لەگشتی ژیاندا
ببیەمۆمێك یاچرا
تا ئایندەی کوردستان
ڕۆشنکەیت لە بۆ هەموان .

# وانەیەکی ئاینی

کاتێك دەچم بۆقوتا بخـانــه
لــەگەڵ هاوڕێی باشـم لانــه

بەخرا پە باسی کەس ناکەیـن
باسی وانە وخوێندن دەکـەیـن

ڕۆژێـك باسـی دالیـام بـۆکـرد
لانـــه خـۆی لە مـن تورە کـرد

گـوتم : بۆهاوڕێی بـاشـەکـەم
بــاســی ڕەوشـتـیـت بـۆدەکـەم

گـوتی : بۆنـازانی کـە گـونـاهـە
بـەخـرا پـە بێـت یـا بـەچاکـە

نــابێـت باسـی خـەڵکـی بکەیـن
گـەرنـا دەبێـت سـزاکەی بـدەیـن

گــوتــی: ســزا و پاداشــت
بــەدەســت خوایە
دەبێت خۆت بپارێزیت لەم دونیایە

دوای ئەمانە...

لانــە ئــامــۆژگــاری کــردم
وانــەی زۆر چاکــی فێرکردم

بــــۆیــەلــەو رۆژە بــەدواوە
باسی کەس ناکەین لــەدواوە

هەمیــشە سەربەرز دەکــەیــن
ئینجا قسەی بەسوود دەکەیــن .

2003 /6 /12

هەولێر

*سزا :تۆڵە

## یاری کوردەواری

هەڵمــاتێــن و غارغارێــن
لــە گــەل یــاری کــلاَوێــن

کــێــل بــەردانــیــش لەدوا
هــەلــوکــێنیــش دواخــرا

ئــەمــانــە یــاری خــۆشــن
بەرگــی کــوردی دە پــۆشــن

یــاری فــۆلــکلــۆری جــوان
هەرگیز بیرناکرێن لە ژیان .

2004 /3/15

سۆران

# ئاینی ئـیسلام

خــاوەن ئـــایـنێکـی پــاكــم
بــۆیـــە مــرۆڤـــی چـــاكـــم
ئــایـنـــم ئاینـــی ئـیـسلامـــە
بــۆیـــە دەســـتـــم ســـەلامـــە
ئـــایـنـی ئـیـسـلام هـەمـیـشـە
بـەخـشـنـدەیـی و بەبەخـشـــە
بـۆیـە گـشـــت مـوسـڵـمـانـان
دەبــەخـشـن سـەروەت ، ســامان
یــارمــەتـی گـشـت كـەس دەدەن
مــاڵـــی خـــۆیـان بـەش دەكـەن
تــەنـهـا لە پـــێـنـاو دیـنـیـان
دەبـەخـشـــن خـۆشـی ژیـنـیـان
ئـــایـنـی ئـیـســـلام هـەمـیـشـــە
خــۆش بەختی یەو ژیـن بەبەخـشـە .

**هەولێر**

*سەلام :دەست پاك ـ ئەمین
*سامان :ماڵ وموڵك

# هـەڵەبـجە

ئـەی شـــاری زێـڕیـنـی کـــورد
هـەڵـە بجەی شـــاری شـــەهیـد
ئـەی شـیریــنە شـــاری جـوانم
شـــاری خـەنـدە و کـامـەرانـم

لـــەدڵــمانـــی لـەرۆحـمانـی
تـــۆ شـــارێـکـی ڕێـگەی ژیـانـی
هەرگـیــز ناوت لەبـیر ناکـەیـن
ڕۆح و دڵـمان فـیـدات دەکـــەین

شـــاری سـەربــەرزی قـــوربـانـی
مـەرگـەسـاتـی گشـت کـوردانـی
مـەرگـی ڕۆڵـەت بـیر نـاکـەیـن
ناوی گـوڵ لـەســینگـت دەدەیـن .

2009/9/3

هەولێر

## وەرزى جوانى

بــەهار وەرزى خــۆشــيــيــە
دەشــت و دەر بــەهــەشــتييە

لـــــەم وەرزە دا ڕووەك و دار
ســــەوز دەبــن لــە گــوڵــزار

بــۆيــە بـــــەوەرزى بــەهـــار
دەڵـێـــن وەرزى جــوانى شـــار .

2007 /7 /18
**هەولێر**

# هەولێر

هەولێر شاری شیرینم
تۆشانازیت بۆ ژینم
تۆشوێنی گشت شێرانی
جێگای باو باپیرانی

تۆ بوکی گشت شارانی
لانەی لێقەوماوانی
تۆشانازیت بۆ بونمان
جێ سەربەرزیت بۆ کوردان

قەلاو منارەی جوانت
مێژووە زێرینەکانت
کەس ئەمانەبیرناکات
مەگەر خۆی لەخوابکات .

2003/8/17

هەولێر

# هاوڕێیەتی مەیموون

بینیم مەیموونێکی جــوان
لــەدارستـــانـێـکی پـــان

خێـــرا خێـــرا ڕای دەکــرد
بــەدەنگیــش بـانگی دەکــرد

هــاوڕێـیــان کــۆبــبــنــەوە
خــێـرا هــۆشـیــاربــبنــەوە

مــرۆڤــی هاوڕێمــان هـــات
هەســت بە ئازارمان دەکــات

چونــکە ئەوان تــیَ دەگــەن
چـیـتــر ئــازارمــان نــادەن .

2009/9/3

**هەولێر**

## ئەستێرە

ئــەستێرەیەك بــە جــوانی
بێ دەنـــگ پڕ كامــەرانی

زۆر جوان دەی ڕووانییە زەوی
لێــم پــرسی تــۆ ناكــەوی ؟

گــوتی :نا هــاوڕێ ی شــیرین
دڵخــۆشــم بــە زۆر پرســیــن

پێــم گــوت مەبەســتت چییە
پــرســیــن كــامــەرانیــیە ؟

گوتی :بــەڵێ هاوڕێی چاك
بپــرســە پرســیــاری چــاك

گــوتم :تــۆچــۆن ڕوونــاکی
وەڵامــــی دا بـــە چــاکـــی

گوتی :ڕووناکییم سروشتییە
وەك ڕوونــاکی مانــگ نییــە

گوتــم :ئەی هی مانگ چۆنە
گــوتی :هــی ڕۆژی روونـــە

بـــەڵام من زۆر جیـــاوازم
خــۆم ڕوونــاکی دەبەخشــم .

2010/8/16
هەولێر

# نـينـۆك

نـينـۆكـەكـانـم دەكـەم
هيچ كات لەبيريان ناكـەم

چـونكە ژێر نـينۆكـەكـان
پـيس دەبن بەميـكـرۆبـان

ميـكرۆبيـش گەلێك پيسـە
توشمان دەكات سـك ئێـشـە

مــادام ئـەمــەش دەزانـــم
دەيـكـەم نـيـنۆكـــەكـانـم .

2003/7/5
هەولێر

# بەفر بارین

یــاری تۆپەڵە بەفـریـنـە
یــاریـەکــی زۆر شیــریــنــە
کــاتــێـك کە بــەفــر بــاری
منــیــش ڕام کــرد بــۆ یــاری
تێــر یاری بــەفــرینــم کــرد
بــوکـەڵـەشــم دورســت کــرد
دوایی لــەگــەڵ هــاوڕێــیــان
تــێکــمــاندا بوکەڵەی جــوان
بــەلاَم دوای بــەفــر بــاریــن
وای لە بــۆتــا!ئای لــەرزیــن!
ســەرمــاهێــرشــی بــۆ بــردم
نــەخــۆشـــی رووی تــێکردم
بــۆیــە مـــن بــەلـێـــنــم دا
زۆر نــەچــمــە نێــو بــەفــردا .

2010 /1/17

**پشتدەر**

# گـغـه گـغ

تــاتــی تــاتــی تــاتــی
وەرە بـــۆ لای کـــاکـــی
وەرە بــڵــێ گـغــه گــغ
بــا پــێـت بـڵـم پـخ پـخ
دەی وەرە گــوڵــی کـاکـه
دایــمــه دڵــم لـه لاتـه
تــۆ گـوڵێکـی زۆر جـوانـی
دیــاری دەسـتــی یـەزدانـی
دەی گــغــه گـغــێ بـکـه
دڵــی هەمـووان خـۆشـبکـه .

2012/8/25

**بارزان**

## بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن

سـەرکـەوتــن بەبــێ ووجــان
کــاتــیــیــە بــۆ هــەمــوومــان

تــا لە ڕێــگــای ســەرکــەوتــن
نــەڵــێی بــژی نەســــرەوتــن

هــەرگیــز بەئــامــانج نــاگەی
گــەربــشــگــەی تــێکــی دەدەی

یــاســـای ژیــان ئــەو هــایــە
چــــــالاك کــــاری ڕەوایـــە .

2004/5/7
**هەولێر**

# بۆ ڕۆڵەكانم

ڕۆڵـە شـيـــريــنـەكــانـم
كچــى جــوان،كــوڕى ژيــانم

ئێــســتـا ئــێوە وا لە ژينــدان
نەك لەزيــنــدانــى ژيان دان

نەكەن بــێ هيــواو ئومــێدبن
هەر هەميــشە ســەر هەڵــبڕن

دوعــاو خــێـرو چــاكە بــكەن
كارى لاســار پــشــت تــێ كـەن

بــا هــاواركــەن ڕۆڵەى كــاروان
كــوردن...مــەردن...لە بۆ ژيان .

2011/9/19

هەولێر

# ئەوەچییە؟

باڵندەیەکـی زۆرجـــوانە
دەنــگ خۆشـی دارستـــانە

لــەقــەفــەزدا ناخوێــنــێ
خۆشــەویستــی دەنوێنــێ

زیرەك بەو بزانە چیــیە؟
بێگومان بــولبــول نیــیە!.

2009/10/25

هەولێر

*بنسك زەردە: ئەو باڵندەیە یە کە هاوشێوەی بولبولەو لە قەفەزدا ناخوێنێ

## شــاره شــیرینەکانم

دهــۆك, زاخــۆ, بــێــتواتـــه
هـــەولـــێر دڵـــم لــه لاتـــه
کەرکــوك, سەنگاو, ئاغجــەلەر
هـــەڵەبــجــەکەی کــۆڵــنــەدەر
ســـۆران, ســەفــیــن ,وارمــاوه
خـــۆ قــەت کــۆڵــتان نــەداوه
ئــاکرێ, شــەنــگال ,قــەڵادزێ
هـــی کـــوردن نــەك هــی دزێ
مــەخــمور, دوبــز, تــاڵــەبــان
بــەرێــزن لــەســەر ســـەرمــان
ســیروان, ســورواش, حــاجیاوا
هـــیــرۆ, هـــەرشـــــۆ, ژاراوه
ئــێــوەی شـــاره جـــوانــەکــان
کــەبــاســتــان کــرا گــشـــتــان
کـــۆڵــنـــەدەر و نـــه بـــەردن
هــەروەك ڕانــیــه بــەجــەرگــن

دوکـــــان, بـــازیـــان, بـــیـــارە
ســـــەنـگـــەســـــەر وا دیـــارە
تەکیـە ,کـەلار, چـەمچـەمـاڵ
بـاینجـان, تەیتـاڵ, خـورمـاڵ
ســـەیـرکـــەن تـێـرامـێـنـن
کـوردان چەند خـۆش لـەژیـنن
کـــۆیـــە ,کـــۆڕێ, قـــەرەداغ
شـــەقـلاوەی پـــڕلـەسـوجـاق
هـەریـر, بێـتوێن, خـانـەقـین
دڵتـان پـڕ مــەکـەن لـەقـین
کـــفـــری, کـــەلار, چـــنـــارۆك
ئـــازیـــزن وەك شـــــەکـــەرۆك
پـردێ, تـــەق تـــەق, شـــارەزوو
دڵــتـــــان هــەر پـڕبـێ لــەنــور
لــەیـلان, ســـەنـگــاو, قــەلاتــە
کـــــوردســـــتـــان وا ولآتــــــە
ڕۆژبـــەیـانـی، بـــیـرەســـپـــان
ســـاڵـەی, دەربـــەنـدیـخـــان
ســەرســـەنـگ, ســۆلاف, بـیتوفە
ســـمـیـڵ, پــــیـرمـــام, بــیـکـوفە

بارزان, ئاشتی, دینارتا

سەربەرزن لەگەڵ چوارتا

بلێ, خەبات, مێرگەسۆر

قادر کەرەم, گەڕەسۆر

شانازی کوردی مەردن

شوێن و جێگای نەبەردن

کانی ماسی, عەنکاوە

شێلادزێ, تۆپزاوە

کۆدێ, گوێر, دێگەڵە

تەوێڵە, کۆپاڵە, گەلاڵە

ناوتان, جوان و بەرچاون

هەتاکو لەژیان ماون

داقوق, شوان، بای حەسەن

جەباری, نەجول, ئەحسەن

بەردەڕەش, بەحرکە

دارەتوو, سوارتووکە

ئێوەی هەموو شاری جوان

کەهاتنە باس هەمووتان

هی کوردی قارەمانن

بۆیە لەبەر دڵانن

زۆرتـــان مــــاوه بــێـــتــــەبـــاس
بــــەشـــار و گـــونـــد و پـێـنـــاس
پـــیـــرم کـــەڵـــکـــم نـــەمـــاوه
دەنـــا بـــەخـــوای حـــــەواوه
دێ بـــــە دێ و شـــــار و قـــــەزا
دەهـــاتـــنـــەبـــاس ئـــەس قـــەزا
بـــەنـــاحیـــه و گـــشـــت شـــوێـــنـــانـــی
ڕەگ و ڕیـــشـــــەم دەرە هـــــانـــی
ســـوپـــاس ئـــەی ئـــەفـــرێـــنـــەرم
وا نـــوســـیـــم مـــێـــژووی ســـــەرم .

* ئەمە بەشی یەکەمی ئەو هۆنراوەیە یە کەوا چەندین ساڵە لەلام گەلاڵە بووە ،بەیارمەتی خودا لە هزرمدایە کەوا هەرچی شارو گوندی کـودستانی مەزن هەیە بەم شێوە هۆنراوەییەدای بڕێژم بۆ ئەوەی منداڵانی نیشتیمانەکەم شارەزای دێ بەدێ و شار و قەزاو پایتەختی وولاتەکەییان بن ....

**سوپاس و پێزانین**

**ڕێزو سوپاسێکی زۆرم ئەم بەڕێزانە کە هەموو خۆبەخشانە هەوڵیان دا بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەو کاریان بۆ کردووم**...

1. **خامە ماندوونەناسەکەم ، کەتا مردن هاوڕێمە و لەگەڵم دایە و خزمەتی دەکەم ، .**
2. **دابان طە میرە : ئەرکی لەچاپ دانی ئەم بەرهەمی خستە ئەستۆ .**
3. **خەیلانی کاروان : تایپی کتێبەکەی بۆ کردم .**
4. **فۆتۆ هەردی : بەرگی کتێبەکەی بۆکردم .**
5. **کۆسرەت دڵشاد : نەخشەسازی کۆمپیوتەر کاری ئەوە .**